**کۆرش مودەڕیسی**

# دەربارەی هەڵسووڕانی حیزب لەدەرەوەی وولاٌت

## بەشی یەکەم

## چەپی سوننەتی وتەحەزوبی سیاسی – کۆمەڵایەتی لەدەرەوەی وولاٌت

***وەرگێڕانی: محـــەمـــەد غـــەفـــور***

***پێداچوونەوە: محسن کریم***

**ئەمە پوختەی باسێکە کە لەسیمیناری دەرەوەی وولاٌتی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران-حکمەتیست دا لە 5 نۆڤەمبەر 2005 دا پێشکەشکراوە.**

**هـــــــاوڕێیان!**

**ڕێگابدەن باسەرەتا بنەمای باسی هەڵسووڕانی ئێمە لەدەرەوەی وولاٌت بدەینە بەرباس. ئەگەر لەمبارەیەوە هاوڕا بووین، ئەوا زۆر سادەتر لەبارەی گرفتەکانی هەڵسووڕانمانەوە بەهاوڕایی دەگەین وشێوازی پێویست بۆ کارەکانمان "دادەڕێژین".**

*****

***<u>دەرەوەی وولاٌت پشتی جەبهەی ناوەوە نییە</u>***

***<u>دەبێ لەدەرەوەی وولاٌت حیزبێکی کۆمەلاٌیەتی پێکبێنین</u>***

**بەلای چەپی سوننەتییەوە دەرەوە پشتی جەبهەی ناوەوەیە. ناوەوەی وولاٌت ئەو جێگایەیە کە کۆمەڵێك ئینسان قارەمانانە خەریکن دەجەنگن ودەرەوەی وولاٌتیش پشتی جەبهەیانە. دەرەوەی وولاٌت پارێزگاری لە"ناوەوە" دەکات. بەم پێیە"دەرەوەی وولاٌت" پاشکۆی "ناوەوە"یە. ئەمە فەرهەنگێك‌و سیستەمێك لە بەهاکان لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ. بۆ نموونە ئەمەی کە فلاٌنە کەس لە<u>ناوەوە</u> چی ووتووە، حوکمی کۆتاییە دەربارەی حەقیقەت. ناوەوە نەك تەنها لەڕووی ئەخلاقییەوە لەچاو دەرەوە لەپێشترە، بەڵکو لەڕووی سیاسییشەوە لە پێشترە.**

**لەڕووی مێتۆدەوە، ئەم شێوازە ئەپێچرێتە ئیمپریزمێکی دواکەوتووانەوە. ماناو تێگەیشتنێکی شەخصی، فیزیکی، فەردی‌و زۆر خێڵەکیی ئەدات بەپەیوەندیی بیرکردنەوە، حەقیقەت وپراتیك. بەم مێتۆدەوە ئەکرێ**

ئینسان بەئاکامی سەرسوورهێنەر بگات. بۆنموونە نابێت لەکۆنگۆ حەقیقەت لەمارکسیستەکان وەیا تەنانەت لەئاکادیمیستە ئەوروپاییەکانەوە ببیستیت، بەڵکو دەبێ بگەڕێی بەشوێن پاشماوەکانی"مۆبۆتۆ سەسەسە کۆ"دا. ئەمڕۆ"محمد کارزای" و"بنلادن" لەئێمە باشتر ئەزانن کە لەئەفغانستان چ خەبەرە ودەبێ چ بکرێ؟ خۆیان لەناوچەکەدان و لەنزیکەوە دەستیان لەپراتیکدایە. لەڕابردوودا دەبوو لەئەفغانستان لەهاوشانی مائۆئیستەکان وسێجیهانییەکانی ئەو ڕۆژگارەوە، کە بێگومان خۆیان لە"ناوچەکەدا"بوون، ڕیشمان بهێشتایەوە، نوێژمان بکردایەو لەهاوشانی هێزە ئیسلامییەکانەوە لەبەرامبەر"داگیرکەران"ی ڕووسدا بجەنگینایە وەیا بچووینایەتە ڕیزی توودەییەکانی( ئەو حیزبە شیوعیانەی کە سەر بە کۆمۆنیزمی روسی بوون_وەرگێر) ئەفغانستانەوە! ئەگەر لەسەر ئەم شێوازە بەردەوام بیت، دەبێ حەقیقەتی ئەوەی کە لەکارخانە ڕووئەدات، نەك لەمارکس یا لە شارەزایانی ئابووریزانەوە، بەڵکو دەبێ لەکرێکاران خۆیانەوە تێبگەیت. ئەم ڕووانگەیە لەڕووی میتدۆلۆژیکیەوە گاڵتەجاریە. بەڵام مەسەلە "جەنگی مێتۆدەکان" وکێشمەکێشێکی "فەلسەفی"، ئەخلاقی وئەکادیمیست نییە. لەپشتی ئەم جەنگەوە، جەنگێکی ڕاستەقینەی سیاسی ڕاوەستاوە. فرەفەرهەنگی یەکیکە لەوانەی کە پشتی بەم جۆرە مێتۆدەوە داوەتەوە، بەو سەرەنجامە سیاسی و"ئابوورییە"ت دەگەیەنێت کە ئەوە بۆ ئەفریقاییەکان باشترە ئینسان بخۆن، ژنانی ئێران مەقنەعە بکەنە سەریان، منداڵانی سوورپێست پێیان خۆشترە لەبەرپێی مەڕوماڵاتدا ولەناو ئەو زبڵدانانەدا گەورەببن کەپێیان دەڵێن"ناوچەی پارێزراو"! بۆیان بەسوودترە. چونکە فلانە سەرۆك قەبیلە وەیا جادوگەری ئاپاچی خۆی ئەمەی ووتووە!

لەمەیدانی سیاسەتی ئێرانیشدا دووبارە ئەم جیاوازییە بەرلەوە کەجیاوازی بێت لە"مێتۆدی ناسین"دا، جیاوازیەکی قووڵی سیاسییە کە لەپشتی ئەو دەرگایەوە ئەساسی ناسیونالیزم خەوتووە، کە ئەگەر کرا دواتر دێینەوە سەری. مەسەلەکە مەعریفەیی نییە. مەسەلە جیاوازی بیروڕایە دەربارەی هەڵسەنگاندن لەبارەی مەیدانە سیاسییەکان وهێزە سیاسییەکانەوە. بۆ حیزبێکی سیاسی کۆمەڵایەتی، لەو شوێنەی کەخەڵك هەیە، سەربەخۆ لەجوگرافیاکەی، گرنگە وە بەئیعتیباری خۆی دەبێ ببێتە جێگای سەرنجدان. سوننەتی لاکەوتەی چەپ هەروەکو چۆن ئێران شوێنی یەکگرتووکردنو بەدەسەلات گەیشتن نییە بۆی، لەدەرەوەی وولاتیش بێجگە لەئاکسیۆن و پشتیوانی کردن هیچ تەوەقوعێکی دیکەی لەخەڵك نییە.

بۆ ئێمە دەرەوەی وولات پشتی جەبهەی ناوەوە نییە. بەڵکو خۆشی جەبهەیەکە. خاریج وداخل دوو چوارچێوەی جوگرافیایین کەخەڵك تیایاندا دەژین، کاردەکەن وخەباتیشیان بایەخی خۆی هەیە. ئەگەر لەئێران شۆڕشیش بکرێ، بڕیارنییە کەهەموو لەدەرەوە بگەڕێنەوە بۆ ناوەوەو لەوێ بمێننەوە. کەسێك کە لێرەیە میوان نییە. ژیان وگوزەرانی لێرەیە، منداڵەکانیان خەڵکی ئێرەن. ئەگەر لەیادتان بێت لەبەرامبەر ڕاسیزم ونەژادپەرستی لەئەوروپاو لەبەرامبەر ناسیونالیزمی ئێرانی وکورد وتورك و...هتد. دا، کە"نیشتمان"ی خۆیان

لێره لەناو "گیتۆ" کاندا بەرهەم دەهێنایەوە، شیعاری ئێمە"نیشتمانی هەر کەسێك ئەو شوێنەیە کە تیایدا کاردەکات" بوو. ئەمە موجامەلەو"شیعار" نەبوو. جۆرێك بوو لەبەیانی سادەکراوی "میلییەت" یا "تەبەعییەت" لەگۆشەی پرۆلیتاری وسۆشیالیستییەوە.

ئەمڕۆ لەدەرەوەی وولاَت جەمعییەتێکی(community) فراوان‌و ملیۆنی ئێرانیی هەیە، کە بەدوای ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانەش لەئێراندا زۆربەی هەرەزۆریان لێرە دەمێننەوە. تەجروبەی شوێنەکانی تر وە لەوانە تەجروبەی شیلی ئەم ڕاستییە دەسەلمێنێت. بەم پێیە ئێمە بەشێوەی هەمیشەیی لەگەڵ یەك "کۆمەڵگا"ی ئێرانیانی کۆچکردوو لەخاریج بەرەوڕووین کەهێزێکی گرنگ لەناو سیاسەتی ئێراندا پێکدێنێت وهەرواش دەمێنێتەوە. ئەم شتە سەبارەت بەحیزبی ئێمەش ڕاستە. لەناو حیزبی ئێمەشدا بڕیارنییە هاوڕێیانی"دەرەوە" بڕۆن "ناوەوە" ڕێکخەن. ناوەوە خۆی لەسەر پێی خۆی هەڵسووڕاوان وڕابەرانی خۆی پێدەگەیەنێت ودەرەوەش هەروا. باسم لەسەر ڕابەران وەیا شەخصییەتە سەرتاسەرییەکان لەسیاسەتی ئێراندا، یاخود ڕێکخەران وکادرانی سەرتاسەری حیزب نییە. باسمان پەیوەستە بەپێکهاتەو ڕێکخراوی دەرەوەی وولاَتی حیزب. ئەگەر کۆمەڵی ئێرانیانی کۆچکردوو، تەنانەت پاش شۆڕشی سۆشیالیستی، لەدەرەوە دەمێننەوە وهێزێکی گرنگی سیاسەتی ئێران دەبن، حیزبی ئێمە وڕێکخراوی دەرەوەی ئێمەش هەر هەمان دەور ونەخشی دەبێت.

بۆ ئێمە لەنێوان ناوەوە ودەرەوەدا نە جیاوازیی بەهاکان لەئارادایەو نەجیاوازیی ئەخلاقی وسیاسی، کەگوایا کەسێك خەباتکارتر، بەرهەقتر، بەشەخصییەتترە لەکەسێکی دیکە. یاخود ئێمە لەسەر ئەو بڕوایە نین کە گوایا خاریج جێگای دەستبەسەراگیراوی ناسیونالیستەکانە وکۆمۆنیستەکان ناتوانن ببنە هێزی سەرکەوتوو لەناو کۆمەڵی ئێرانیانی کۆچکردوودا. کاتێك باسی"جەمعییەت"ی ئێرانیانی کۆچکردوو دەکەین بەتەنها مەبەست پەنابەرانی سیاسی چەپ نییە. پەنابەران کەمایەتییەکی بچووك پێکدێنن. مەبەستمان سەرجەم جەمعیەتی ئێرانیی دەرەوەی وولاَتە کەئەمڕۆ ئەساسەن لەژێر کاریگەری تەبلیغاتی، سیاسییو بەهاکان‌و بێگومان نفوزی ڕەوتەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ڕاست وناسیونالیستدایە.

کاتێك سەیری ڕەوتەکانی چەپی سوننەتی دەکەیت، دەبینیت پەیوەندییەکی سەیرو سەمەرە لەنێوان داخل وخاریجدا هەیە. لەلایەکەوە ناوەوە ئێجگار گرنگە، گوایە شۆڕش لەئێراندا دیاردەیەکی"ناوەوەی وولاَتییە". ئەوانەی لەدەرەوەن "تاراوگە نشینن"، دەستیان لە"ئاگرەکە دوورە"، شوێنیان گەرم وگوڕە، "بابەتیی نین" شۆڕشگێڕێتییەکەیان لەداخل کەمترە، بێگومان بەهاشیان کەمترە. لەلایەکی دیکەشەوە بڕیارە ئەگەر شۆڕش ڕوویدا، "ئەم تاراوگەنشینانە" بچن ناوەوە ڕێکخەن، ڕابەرایەتییان لەخاریجە.

ئەمە لێکدانەوەی"سەنگەر"ێکی سیاسییە. لەم تەسویرەدا هەموو هەڵسووڕاوانی ناوەوە ناسیونالیستو "دواکەوتوون". بەم ئالاو سەنگەرەوە ئەکرێ بەرگری لەدواکەوتوویی، تەسکبینیی وناسیونالیزم، هەڵسوڕاوانو بیرمەندانی دواکەوتوو، تەسکبین وناسیونالیستی "داخل"بکرێ لەبەرامبەر ڕەخنەی چەپ وڕادیکاڵی"خاریج"دا. ڕوون نییە چارەنووسی کەسانێك کەلەدەرەوە هاوڕای ناسیونالیستەکانی ناوەوەن وەکەسانێك کە لەناوەوە هاوڕای کۆمۆنیستەکانی دەرەوەن چۆن دەبێت؟

هەروەها خەڵکی "محەللی وخۆیی" ووڵاتانی ئەوروپایی وئەمریکاییش لەتەصویری چەپی سوننەتیدا، جگە لە تەماشاچی، وەلانی زۆر پشتیوان، جیگایەکی تریان نییە. ناسیونالیزم، ژیانی حاشیەیی لەووڵاتانی دەرەوەو شێوەکاری ئانارکۆ-ئاکسیۆنیستی بالادەست بەسەریدا، خەڵکی ئەم ووڵاتانەی بردۆتە دەرەوەی دنیای چەپی سوننەتیی دەرەوەی ووڵاتەوە. هەروەك چۆن چەپی سوننەتی لەووڵاتەکەی خۆیدا لەزمانی خەلکەکەی تێناگات، لەم ووڵاتانەشدا هەروا دابڕاوە ولەزمانیان تێناگات وخەڵکی ئەو ووڵاتانە بوونیان نییە.

بۆ ئێمە، هەم لەڕووانگەی ئێرانیانی کۆچکردوو وەهەم لەڕووانگەی خەڵکی دانیشتووی ووڵاتانی دەرەوە، خاریج وداخل دیاردەیەکی حیزبی، سیاسیو بزووتنەوەیی یەکپارچەیە لەدوو جوگرافیادا. هەردوو ئەم جوگرافیایە مەیدانی کاری ئێمەن. بێگومان ڕێکخستنی شۆڕشی سۆشیالیستی لەئێراندا ئەرکی دەمودەستی ئێمەیە. بەلام ڕێکخستنی شۆڕشی سۆشیالیستی لەئێراندا تەنها دیاردەیەکی"ناوەوەی سنووریی" نییە. هەر بەوجۆرە کەگێڕانەوەی سەڵتەنەت وەیا بەدەسەلاتگەیاندنی ئۆپۆزیسیۆنی ڕاست هەرگیز دیاردەیەکی "ناوەوەی سنووریی" نییە. ئەم دوو جوگرافیایە لێکهەڵپێکراون. خاریج وداخل پیکەوە بەستراون ویەك دیاردەی سیاسی و بزووتنەوەیی یەکپارچە پێکدێنن لەبەرامبەر ئیمەدا.

هەرکەس کە لەناوەوە ببێتە ڕابەری سیاسی یا شەخصییەت، لەخاریج دەبێتە ڕابەر وشەخصییەت، وەبەپیچەوانەشەوە کەسێك کە لەدەرەوە ئەم نەخشە بنوێنێت هەر بەو ناونیشانە لەناوەوە دەناسرێت. جوگرافیا مەودای کاریگەریی دیاری ناکات، ناوەرۆك ومەودا وقووڵیی هەڵسوڕانی بزووتنەوەیەك، ڕابەرێكو حیزبە لەناوەوەو لەدەرەوە کە مەودای نفوزی ئێمە دیاریدەکات. هەمووان دەزانن کە فەزای سیاسی "خاریج" بەخێرایی کاریگەری دەخاتە سەر فەزای سیاسی"داخل"، وە بەپێچەوانەشەوە فەزای سیاسی ناوەوە بەخێرایی دەرەوە ئەهەژێنێ. پەیوەندی داخل وخاریج پەیوەندییەکی سیاسی-ئابووریی بەرفراوانە. حیزبێکی سیاسی دەبێ کاریگەری ئەم پەیوەندییە لەئەمڕۆ و سبەینێی ئێراندا بەووردی هەڵسەنگێنێ.

سەرباری ئەوەی کە ئەمڕۆ هەڵسووڕان لەدەرەوەی ووڵات گرنگە، سبەینێ شۆڕشی سۆشیالیستی ئەم پەیوەندییە هەر بەم گرنگییەی دەهێڵێتەوە. ئەگەر سبەینێ ئێمە لەئێراندا شۆڕش بکەین، ئەگەر سبەینێ ئێمە

بەدەسەڵات بگەین، توانایی ئێمەو لێهاتووییمان بۆ مانەوە لەحکومەتدا وە لێوەشاوەییمان بۆ دیفاع لەشۆڕشی سۆشیالیستی، گرێد دەدرێتەوە بەوەی کە لەدەرەوەی وولات تاچ ڕاددەیەك بەهێزین. نەك تەنها لەناو ئێرانیانی کۆچکردوو لەخاریجدا، بەڵکو لەناو ڕای گشتی خەڵکی شەرافەتمەندی وولاتانی دەرەوەدا. بۆ نموونە ئەگەر بڕیاربێ مووشەك بدەن بەئێرانی سۆشیالیستیدا، ئێمە ئەساسەن دەبێ بتوانین ملیۆنەها خەڵك لەدەرەوەی وولات بهێنینە سەر شەقامەکان. خەڵکی ئەڵمانیا، فەڕەنسا، بەریتانیاو ژاپۆنو ئەمریکا ڕاکێشینە سەر شەقام. ئەم کارە پێویستی بەبوونی سوننەتێکی خەباتکارانەی ڕیشەدارە، ئەو تۆڕانەی کەپێشتر کاریان کردبێ، ڕابەران وهەڵسووڕاوانێك کەخۆیان ناساندبێو نفوزیان بەدەست هێنابێ، واتە"ئەهلی محەل بن".

قابلییەتی چینی کرێکار بۆ ڕاگرتنی دەسەڵات، سەرباری هەرشتێك بەم فاکتۆرەوە پەیوەست دەبێتەوە کە لەدەرەوەی وولات چکارەین، لەبەرامبەر ناسیونالیستەکان و ڕاستڕەوەکاندا چەندە نفوزمان هەیە؟ تاچەند توانای هەڵخڕاندنمان هەیە؟ بەوەوە بەندە کە ناسیونالیستەکانو ڕاستەکان نەتوانن ئێرانیانی دانیشتووی دەرەوەی وولات بکەنە هێزی خۆیان، نەتوانێت ناڕەزایەتی خەڵکی ئەم وولاتانە دژی پەلاماردانی دەوڵەتی سۆشیالیستی پووچەڵ کاتەوە. کارێك کە ڕووسیای سپی لەسەردەمی شۆڕشی ڕووسیادا کردیان، یاخود ڕاستڕەوەکانی فلۆریدا لەدژی دەوڵەتی کوبا ئەنجامی دەدەن. ئێمەش ئەم مەسەلەو گرفتانەمان دەبێت.

دیاردەی "ئێرانی" لەخاریج وەکو سەردەمی پێشوو دیاردەیەکی"خوێندکاریی" کاتیو بێ ڕیشە نییە. کۆچکردنە. کۆمەڵگای ئێران بۆ یەکەمین جارە لەمێژووی هاوچەرخی خۆیدا دیاردەی کۆچکردنی بۆ خاریج لە ئەبعادی ملیۆنیدا تەجروبە کردووە. خەڵك هاتوونەتە وولاتانی دەرەوەو تیایاندا نیشتەجێ بوون. ئێرانیانی کۆچکردوو لەلایەکەوە لەم وولاتانەدا نیشتەجێ بوونو کەم تازۆر لەگەڵ ئەم کۆمەڵگایانەدا ئاوێزان بوون وتیایاندا دەژین، لەلایەکی دیکەشەوە جەمعییەتێك (community) پێکدێنن کە لەپەیوەندییەکی تووندوتۆڵدان لەگەڵ یەکترو لەگەڵ ئێراندا، لەگەڵ مەسەلەکانی ئێراندا عەلاقەمەندن و ئەوەش کە لەئێراندا ڕوودەدات لە بەرژەوەندیاندایە. جەمعییەتێك بەئیمکانیاتێکی فراوانەوە وە بەنفوزێکی زۆرەوە لەسەر کۆمەڵگای ئێران لەناوەوەی وولاتدا. ئێرانیانی ئەمڕۆ ئیتر ئەو خوێندکارانە نین کە بۆ خوێندن هاتبوونە خاریج و پایەی بزووتنەوەی چەپ، واتە بزووتنەوەی (خوێندەوارانی ناڕازی) بوون. دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیترو ئاوێزانترە لەگەڵ فەزای سیاسی خەڵکی ئەو وولاتانەی روویان تێکردوون، وە لە پەیوەندیەکی سیاسی، فەرهەنگیو کۆمەڵایەتیو ئابووری بەرفراوانتردان لەگەڵ خەڵکی ئێراندا. ووتمان زۆربەی ئەم جەمعییەتە"کۆمەڵگا" کۆچکردووە تەنانەت هەر شۆڕشێکیش کە لە ئێراندا بکرێت هەروا دانیشتووی وولاتانی ئێستایان دەمێننەوە و سەرباری ئەوەش کەسانی دیکەیان بۆ زیادئەبێت. لەوانەیە هاتوچۆ بۆ ئێران زۆر یا کەم بێتەوە، بەڵام ئەم کۆمەڵگا کۆچکردووە لەناوناچێتو پەیوەندیشی لەگەڵ "داخلدا پارێزگاری لێدەکات. ئەگەر ئێمە نەبین ئەم "کۆمەڵگایە" ئەبێتە لەشکری زەخیرەی ڕاستڕەوەکان بۆ پەلامار وگوشار بۆ سەر دەوڵەتی

سۆشیالیستی. ئەگەر ئێمە دروست کاربکەین "کۆمەڵگا"ی کۆچکردوو ئەبیتە هێزی ئێمە، هێزی شۆڕشی سۆشیالستی، هێزی مرۆڤایەتی موتەمەدین لەدەرەوەی وولات. ئەمە ئەو تەحەدایەیە  کە روو بەرووی ئێمە دەبێتەوە.

بەم پێیە بەجیا لە لایەنی ئەنتەرناسیونالیستیو هەڵسووڕانی ئەنتەرناسیونالیستیمان لە دەرەوەی وولات، وەکو حیزبێکی سیاسی کە دەیەوێ لە وولاتێکی دیاریکراودا شۆڕشی سۆشیالیستی بەرپا بکات، لەگەڵ مەسائیلی راستەقینەی سیاسیو بزووتنەوەیی-ڕاستەوخۆ پەیوەست بە باسی حیزبو دەسەڵاتی سیاسییەوە بەرەوڕووین. هەم ئەمڕۆ لەگەڵ ئەم مەسەلانەدا بەرەوڕووین وە هەم لەسبەینێی سەرنگومبوونی جمهوری ئیسلامیدا بەرەو ڕوویان دەبینەوە. دوای وەرگرتنی دەسەڵاتی سیاسیش دیسانەوە لەئەبعادی فراوانتردا رووبەروومان دەبنەوە. ئەمڕۆ بزووتنەوەی ئێمە لەخاریج پێویستی بەوەیە کەخۆی بەسەر فەزای سیاسی، فکریو فەرهەنگیدا بسەپێنێت، پارەوپوول کۆبکاتەوە، ئیمکانات پێکبێنێت، هێز ڕاکێشێت، خۆی گەورەو فراوان کاتەوەو ڕیشە داکوتێو پشتیوانیی تەواوی خەڵکی شەریفی"دەرەوەی وولات" داوا بکات. ئەوە سەرباری نفوزی بەرفراوان لەناو جەمعییەتی ئێرانیدا لەدەرەوەی وولات.

ئێمە هەر ئەمڕۆ پێویستیمان بەمانە هەیە. کەسێك کەئەم نیازو پێویستییانە درك نەکات، ئەلفبای باسی حیزبو دەسەڵات تێنەگەیشتووە.

خاریج نەپشتی جەبهەیە، نەتەنها مەیدانی ئاکسیۆنە بۆ ناودەرکردن وە نەتەنها مەیدانی پارە کۆکردنەوەیە. دەرەوەی وولات خۆی جەبهەیەکی تەواوە. سەرکەوتن تیایدا ڕوکنێکی گرنگی وەرگرتنی دەسەڵاتی سیاسیو ڕێکخستنی شۆڕشی سۆشیالیستییە لەئێراندا. بەتایبەت لەڕاگرتنی دەسەڵاتدا پاش شۆڕش. ئەگەر ئێمە دەسەڵات وەرگرینو هەموو خاریج لەژێر دەسەڵاتی ڕاستدا بێت گرفتی ئێجگار زۆر جددیمان دەبێت. خەتەر تەنها لەقابلییەتی ڕاستدا نییە بۆ لەناوبردنی دەوڵەتی ئێمە. بەڵکو خەتەر لەمەدایە شۆڕشی سۆشیالیستییەك کەبڕیارە ئومێد بەئاییندە، شادیو باڵاکردنی ئینسانەکان بەرپابکات لەخوێنو برسێتیی هەڵدەکێشنو خەلکی ڕووەو مەرگەساتو تیاچوون پاڵ پێوەدەنێن. نابێ ئەم خەتەرە بەکەم بگیرێت. شۆڕشی سۆشیالیستی ئەگۆڕن بۆ شۆڕشێك کەپەژارەو میحنەتی بەدیاری بۆ خەڵك هێناوە.

سەرەنجام کارکردن لە دەرەوەی وولات مەیدانێکە کە جێگاو بایەخی خۆی هەیە. بەهەمان ڕادە کە قابلییەتو پۆتانسێلی سەربازی ئێمە لەکوردستان گرنگو چارەنووسسازەو دەتوانێ لە هەلومەرجی هەرەمی دیاریکردنی چارەنووسدا ببێتە هێز لەئێراندا، جێگاوڕێگامان لە دەرەوەی وولات بەهەمان شێوەیە.

کاتێك سەیری ئۆپۆزیسیۆنی ڕاست دەکەی دەبینی ئەم پەیوەندییە تێدەگەن. ڕەوتە ریشەدارە ئەسڵیەکانی کۆمەڵگا بەپێی سوننەت ئەم پەیوەندییە درك دەکەن. تەنها سوننەتی چەپی غەیرەسیاسی، فیرقەیی وحاشیەییە، چ لەئێران وچ لەئەوروپا، کە ئەم راستیە سیاسیە سادەیە تێناگات.

بەداخەوە ئەمڕۆ زۆربەی ئێرانیانی دانیشتووی دەرەوەی وولآت لەدەرەوەی دەسەلآتی تەبلیغیو سیاسی ئێمە، وە سەرجەم چەپیشەوەن. بەپێچەوانەوە لەژێر دەسەلآتی سوننەتی، فەرهەنگی، سیاسی وکۆمەلآیەتی وتەنانەت رێکخراوەیی ناسیونالیستەکانو ڕاستدان. سەڵتەنەتخواز نین بەلآم دەتوانرێت بەدوای شیعاری"ئەگەر ئێران نەبێت منیش نابم"و" سنوری پڕ گەوهەر"دا بەسیج بکرێن.

خەڵك لەشۆڕشدا ئالآی ئیسپاتی هەڵنابژێرن، بەڵکو ئالآی"نــا"، ئالآی نەفی هەڵدەبژێرنو دواتر بەئەلتەرناتیڤی ئیسپاتیی ئەو ئالآیە ڕازی دەبن. ئەگەر ئەمڕۆ فەزای کۆمەڵگای ئێرانی لە دەرەوەی وولآت ڕاست دیاری بکات، بەیانیش ئەلتەرناتیڤەکەی ئەداتە دەستی خەڵکییەوە.

لەوانەیە باسکردن دەربارەی تەسویرێکی لەم چەشنە بۆ ئێمە زۆر خەیاڵیی بێتە بەرچاو. لەوانەیە بڵێیت ئابوونەی ئەندامان کۆبکەنەوە دوای ئەوە سەبارەت بەئاسۆو ئامانجەکان قسە بکەن. بەلآم ئەگەر ئەم ئاسۆیەمان نەبێت ناکرێت ئابوونەش کۆبکەینەوە. خەڵك بۆچی دەبێ لەدەمی خۆی بگرێتەوەو پارە بدات بە من وتۆ؟ ڕاستییەکەی هۆی کۆنەبوونەوەی دروستی ئابوونەکانیش بەدروست هەر ئەم نەبوونی ئاسۆ ڕوونەیە. خودی ئابوونە نەدانیش میراتێکی سوننەتی چەپی حاشیەییە لەئێراندا.

***<u>حیزبی ئینسانە "ئاساییەکان" –حیزبی قارەمانەکان</u>***

ئەگەر ئەم تەصویرە بەراورد بکەیت لەگەڵ ئەو کارانەی کە هەموو گرووپە چەپەکان ئەیکەن، یاتەنانەت ئەو کارانەی کە خودی خۆشمان لەناو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێراندا دەمانکرد، دەبینیت کە هەڵەی ئێجگار زۆر هەیە. حیزبێك کە بیەوێ ئەو نەخشە بنوێنێ کە لێرە ئیشارەی پێکرا، دەبێ بتوانێ <u>لە ئاستی ملیۆنییدا</u> موخاتەبەی خەڵك بکات، رێکیان بخاتو بیانهەژێنێ. دەبێ بتوانێ ئینسانی زیندوو و"ئاسایی" جیهانی ئێمە بۆلای خۆی ڕاکێشێت.

حیزبێکی لەم چەشنە ناتوانێ حیزبێك بێت کە هەرکەس پێوەی پەیوەست بێت لەڕووی داراییەوە ماڵوێران ببێت، هەفتەی سێ جار ئاکسیۆن بکات، لێی ڕاببینیت لەدەمی منالەکانی بگرێتەوە، کارنەکاتو ئاستی

گوزەرانی خێزانەکەی بهێنێتە خوارەوە بۆ ئاستی مەمرەومەژی. حیزبێك کە <u>بەشێوەی ڕۆتینی</u> لەسەر بنەمای فیداکاری گشتیی ئەندامانییەوە لەسەرپێ دەوەستێت‌و توانای ڕاکێشانی خەڵکی نییە لەئەبعادی فراواندا.

پەیوەستبوون بەحیزبێکەوەو هەڵسووڕان لەناو حیزبێکدا دەبێت ناکۆك نەبێت لەگەڵ ژیانی ڕۆژانەدا بەمانای ئاسایی خۆی. لەدەرەوەی ئەم وێنایەدا، حیزبێکی لەم جۆرە تەنها کەسانێك ڕادەکێشێت کە"ژیانیان نییە". ئاشکرایە کەهەموو حیزبێك پێویستی بەفیداکاری هەیە وە بەبێ فیداکاری و تەواوکاری(dedication)ی لایەك لە کادرەکانی کاری ناچێتەپێشەوە، بەتایبەت حیزبێك کە دەیەوێ شۆڕش بکات. بەڵام ناکرێ‌و نابێ فیداکاری نۆرم وستانداردو تەوەقوعی باو بێت لەئەندامانی حیزب. "خەڵکی ئاسایی" بەئەحزابی چەپی سوننەتی دەڵێن "بژی ئێوە!"، "ئێوە زۆر شۆڕشگێڕو شەریفن!" بەڵام من شایستەی ئەندامەتی حیزبی ئێوە نیم. چونکە مناڵم هەیە، دەبێ دەرس بخوێنم، یا بێکارم وە یادەمەوێ لەژیانم لەزەت بەرم. "ئێوە قارەمانانن! ئێوە پێشڕەوانن!" من ئینسانێکی "ئاساییم!".

ئینسانی"ئاسایی" دەبێ بەرەوڕووی ڕێکخراوێك بێتەوە کە ئەگەر کاتێك پێوەی پەیوەست بوو یاخود لێی نزیك بوەوە، ئەوا لەژیانی "ئاساییدا" توانایی زۆرتر ببێت، خەباتێك کە ئەنجامی دەدات لەپێناوی باشترکردنی ژیاندا بەشێوەیەکی کاریگەرتر ئەنجامی بدات. هونەری ئێمە دەبێ ئەمە بێت کە ئینسانەکان لە تەنهایی ڕزگار بکەین، لەکوڕ وکۆمەڵی دەوری میللەتگەرایی‌و مەزهەب دووریان بخەینەوە، ئەو ئینسانانە لەدەوری ئینسانییەتیان یەکگرتوو ڕێکخراو بکەین. ئێمە لەپێناوی ئەنجامدانی شۆڕشی سۆشیالیستیدا پێویستمان <u>بەحیزبێکی بەرفراوانی کۆمەڵایەتیی جەماوەریی</u> هەیە.

حیزبێکی لەم چەشنە لەگەڵ نۆرمی فەعالییەتی کاری ڕێکخراوەکانی چەپی سوننەتی، لەوانەش سوننەتی ڕابردووی خۆشمان لەناو حککا دا نایەتەوە. مەنتیقی کاری ئێمە لەناوەوەی وڵاتیش هەر ئەمەیە. ئەمە مەنتیقی کاری ئەحزابی کۆمەڵایەتییە. ڕەوت‌و ئەحزابە فیرقەییەکان‌و سوننەتی چەپی فیرقەیی ناتوانن ئەم شێوازە بەکردەوە جێبەجێ بکەن.

حیزبی فیرقەیی لەسەر ئەساسی جۆرێك ئیلیتیزم(نوخبەوی) دامەزراوە کەئینسانی ئاسایی ناتوانێ پێوەی پەیوەست ببێ. ئەم ئیلیتیزمە ئەتوانێ قارەمانچێتی چریکی یا"خەڵکی" وەیا ئاکسیۆنی‌و مالیی بێت، ئەتوانێ ڕۆشنفکرانە بێت یا ئایدیۆلۆژیگەری. هەرچۆنێك بێت فیلتەرێك هەیە کەئینسانی"ئاسایی" لێی ڕەت نابێ‌و بەم حیزبەوە پەیوەست نابێت. ئەم فیلتەرە بەشێوەی ئاسایی لەبەڵگەنامەکان‌و بەرنامەدا خۆی نیشان نادات، لەسوننەتی سیاسی‌و ڕێکخراوەیی ڕەوتێکدا، وە لەوێنایەکدا کە لەخۆی دەیدات وە لەسوننەتی ڕۆژانەی ئەودا ئەتوانرێ بەدەست بێت.

لەحیزبێکی فیرقەییدا گەشەکردن و وەرگرتنی مەسئولیییەت جۆرێکە لە بەرزبوونەوە لە تێکۆشاندا. سەرۆکی گشتی ڕێکخراو تێکۆشەری گەورەیە. لە ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتیدا یا لەحیزبیکی سیاسیدا تاکی"ئاسایی" کۆمەڵ پێوەی پەیوەست دەبیٚ و لەماوەی شەش مانگدا فێردەبیٚ کە کۆمیتە چۆن بەڕێوەدەبرێت، لێپرسراوی کۆمیتە چ کارێك دەکات وە بەشێوەی واقعی فێردەبیٚ کە مەسئولیییەتی زیاتر لەئەستۆ بگرێت. ئەم شێوە کۆمەڵایەتییە تایبەت نییە بە ئەحزابی کۆمەڵایەتییەوە. بۆنموونە ئەتوانریٚ لەناو یەکێتیەکان و بزووتنەوەی کرێکاریشدا ببینرێت. بەبیٚ ئەم جۆرە کارو کاردانەوانە، بەبیٚ هێنانە ناوەوەو کردن بەبەشێك لەخۆی ئەو پرۆسە کۆمەڵایەتیە، ناتوانریٚ ئومێدێك بەگەشەو کۆمەڵایەتی بوونی ڕەوتێك لەئارادابێت.

لەحیزبێکی سیاسیدا ئینسانە ئاساییەکان ئەتوانن کاری گەورە ئەنجامدەن. لەفیرقەیەکدا بۆئەوەی کارێکی سادە ئەنجام بدەیت دەبیٚ قارەمان بیت، یا "موجتەهید" وەیاخود یەکێك بیت لەدەگمەنەکانی ڕۆژگار.

حیزبی ئێمە هێشتا زۆر دوورە لەم سوننەتە کۆمەڵایەتیەوە. سوننەتی ژیانی ئاکسیۆن بۆ ئاکسیۆن، ئاخنینی ئایدیۆلۆژی ڕۆژانە لەناو حککا دا کەهێشتا هەر ئێمەش لاسایی ئەو تەقلیدە دەکەینەوە، بۆ ڕەوتێکی سیاسی، بۆ ڕەوتێکی کۆمەڵایەتی بنبەستە. بەنزینی ئەم ئۆتۆمبیلە درەنگ یازوو تەواودەبێت. لەکۆنفرانسە محەلیەکانی ساڵی ڕابردووی حککا شدا هەر ئەمەم ڕوونکردۆتەوە کەسوننەتی ئێمە بوە بەوەی کەژمارەیەك دەهێنین ئەوەندە ماندوویان دەکەین، هێندە پارەیان لێوەردەگرین کەماندوو دەبن و لەڕووی مالییەوە ئەکەونە سەر ساجی عەلی و ئیتر دەڕۆن بۆئەوەی سەروسامانێك بەژیان و گوزەرانیان بدەنەوە،وئیتر نایەنەوە. ئێمە ژمارەیەکی دیکەش بەهەمان شێوە ڕائەکێشینەوە بۆ ناو هەمان کار. بەم شێوازەی کارکردنەوە نە ئەتوانریٚ گەورە ببیت نە ئەتوانریٚ بەردەوامکار بیت. ئەگەر ئامانج تەنها پارێزگاری کردنە لە حوزورێکی ئیستعرازی لەدەرەوەی وولات، لەوانەیە ئەم شێوازە کارسازبێت. بەڵام ئەگەر ئامانج پێکهێنانی یەك ڕێکخراوی بەرفراوانی کۆمەڵایەتیە، ئەمە بەڵگەی نابوودیی ئەو ڕێکخراوەیە. جیاوازی حکمەتیزم لەگەڵ کۆمۆنیزمی کرێکاریدا لەدەرەوەی وولات، لەسەردەمی حوزوری مەنصور حکمەتدا، هەر ئەمەبوو. ئەمانە دوو خەتن بەدوو ئامانج ودوو شکڵ وشێوەی هەڵسووڕانی ڕێکخراوەییەوە.

مۆدێلی کاری ڕێکخراوێکی خوێندکاریی کە ئەندامەکانی لە خیزانەکانیان پارە وەردەگرن و ژیانی کەسیان لەئەستۆدا نییە، مەسئولیەتیان نییەو ئەتوانن هەموو کاتێك بۆ ڕێکخراوەکەیان کاربکەن، مۆدێلی فەعالییەتی حیزبێکی سیاسی وکۆمەڵایەتی نییە. بۆ گۆڕینی ڕێکخراوەکەمان دەبیٚ تەصویرمان بگۆڕین. دەبێت لەکۆمۆنیزمی کرێکارییەوە بۆ حکمەتیزم ڕێرەو بگۆڕین.

حیزبێك ئەگەر بیەوێ ئەو نەخشە بنوێنێت کە باسمانکرد، سەربەخۆ لەوەی کەشکڵی ڕێکخراوەییەکەی کامەیە دەبێ کۆمەڵێك کاری دیکە ئەنجام بدات وەپێویستە خاسیەتی دیکەی هەبێت.

***خاسیەتەکان: دەستڕاگەییشتن:***

قسەیەك کەبەگوێی خەڵك نەگات، نەووتراوە!

سیاسەتێك کە کاریگەری لەسەر خەڵك جێنەهێڵێت، پەسەند نەکراوە.

ئەگەر ئێمە نەتوانین قسەکانمان بەگوێی جەماوەری خەڵك بگەیەنین، چ بەئێرانییەکانو چ بەخەڵکی دیکەو لەئەبعادی ملیۆنییدا، مەحاڵە بتوانین ئەم جەماوەرە ملیۆنییە بکەینە بابەتی کاری خۆمان. چ سوودو گرنگییەکی هەیە ئێمە بڵاوکراوەی (کمونیست) بە1000 یا2000 دانە بڵاوبکەینەوە؟ بەپێوەری جیهانی ئەمڕۆ ئەم دەسڕاگەیشتنە دەچێتە چوارچێوەی مەقولەی نامەی(تەکسیر)کراو بۆ دۆستەکانمان، نەك ناو دەستەبەندی بڵاوکراوەکانەوە. ئەگەر بڕیاربێت کە قسەکانمان نەبیسرێ‌و بەگوێی گوێگرانی خۆی نەگات، گرنگی کردنی ئەو قسانە چییە؟ قسەیەك کە بەگوێی خەڵکی نەگات نەووتراوە. گرنگ نییە لەچەند وێبسایت‌و بڵاوکراوەی "تایبەت" بە چەپەکان‌و سیاسییەکاندا، وەیاخود لەسایت‌و بڵاوکراوەی خۆماندا بڵاوکرابێتەوە. لەجیهانی واقعیدا و لەململانێی هێزە واقعییەکاندا ئەم قسانە نەکراون.

دابینکردنی دەسڕاگەییشتنی حیزبێکی سیاسی بەچاو وگوێی خەڵکی ڕوکنێکی ئەساسی باسی حیزب و دەسەڵاتی سیاسییە. ئەگەر باسی حیزب‌و دەسەڵاتی سیاسیمان وەکو کودەتا وەرنەگرتووە، ئەوسا ئەزانین کە بەبێ دەسڕاگەییشتن بەچاو وگوێی خەڵکی هیچ حیزبێك ناتوانێت لەدەسەڵاتی سیاسی نزیك بێتەوە. ئەم حوکمە بەسەر خاریج وداخل، هەردووکیاندا، ڕاستە. قسەکردن بۆ خۆمان، نووسین بۆ خۆمان، گەرمبوون بەقسەکانی خۆمان شێوەی کاری فیرقەکان‌و دەروێشەکانە کە لەگەڵ "زیکرکردندا" پێکەوە حاڵیان لێ دێت، پەیوەندی‌یان بەجیهانی دەرەوە نامێنێ‌و هەڵبەتە کە زۆریش" سەرگەرم دەبن"، ئیتر وەکو ئەو کەسەی کە"سڕ" دەبێ، تەنانەت مار وشووشە وگوێزانیش دەخۆن وهیچیشیان بەسەرنایەت!

خاسییەتی فیرقە ئەمە نییە کە کەسێك لە"هەڵسسوڕان" دەخەن. لەڕاستیدا بەپێچەوانەوە ئینسانەکان سەرمەست (high) ئەکەن، سەریان دەکەن بەناو یەکدا و"بمرێ" ئەم و"بمرێ" ئەو دەڵێنەوە، لەجیهانی خەیاڵیی خۆیاندا لەقاڵبی قارەمانانی ساختەدا ئەچنە جەنگی دژی قارەمانانی ساختەوەو زۆر خۆشحاڵیش

دەبن. گرفتی"بەشێك" ئەمەیە کە ناتوانن گەورەبن، ناتوانن ببنە حیزبی دەسەڵاتی سیاسی. جیهانیان خەیاڵییە، ساختەو ناواقعیە. حیزبی سیاسی نین. فیرقەن، خانەوادەن، تایەفەن.

قسەیەك كە نەبیسرابێ نەووتراوە. لەجیهانی ئەمڕۆدا بیستن لەگەڵ سەدەی 19 یا سەرەتای سەدەی رابردوودا جیاوازی هەیە. لەسەرەتای سەدەی رابردووەوە کۆمۆنیستەکان بەیەك بڵاوکراوەی وەکو ئایسکراوە بەتیراژی چەندسەد دانە و هەرچەند مانگ یەك ژمارەوە، دەنگی خۆیان بەگوێی خەڵك دەگەیاند. ئەمرۆ لەجیهانی سەتەلایت و ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی 24سەعاتە، و بڵاوکراوەی تابلۆید(وێنەدار) بەتیراژی چەند ملیۆنیی و کلوبی خاوەن سەدان هەزار ئەندامییەوە، پشتبەستن بە بڵاوکراوەیەك بەتیراژی چەندهەزار دانەیی تەنانەت چپەچپەیش نییە.

قسەیەك كە دەیان هەزار کەس نەیانبیستبێ و کاریگەری بەسەریانەوە بەجێ نەهێشتبێ نەووتراوە، گرنگ ئەوە نییە کە خرابێتە سەر کاغەز یاچوبێتە ناو ئەنتەرنیتەوە. یەك گرفتی بنەڕەتیی ئێمە لەدەرەوەی ووڵات، هەروەها لەناوەوەش، دەسڕاگەییشتنمانە. ئێمە دەبێ گرفتی دەسڕاگەیشتن چارەسەرکەین. کاتێ بەراووردی خۆمان لەگەڵ ڕاستتدا دەکەیت، دەبینیت کە ئەوان دەستیان ڕادەگات و ئێمە ناگات. گرنگ نییە تاچەند قسەی باش ئەکەین. لەدنیای واقعییدا لەمەیدانی جەنگدا ئامادەنین. لەناو جەنگی یەکلاییکردنەوەی دەسەڵاتی سیاسیدا بەشدارنین.

تەواوی "چەپ" لەخاریج بە جەمعییەتێکی چەند هەزارییەوە سەرقاڵن. لەگەڵ یەکتر قسە دەکەن، هێز لەیەکتر وەردەگرن، هەموو پێکەوە بیردەکەنەوە، لەگەڵ یەکتر "ئیتحادی عەمەل" دەکەن، ویبسایتی یەکتر چێك دەکەن، واشی دادەنێن کە ئیعتباریان چۆتە سەر. ئەڵبەتە کۆمەڵگای ئەسڵی ئێرانیەکان و ئەورووپیەکان و ئەمریکاییەکانیان لەژێر دەسەڵات وچەتری ڕاستدا بەجێهێشتووە، وەتەسویریشیان لەجیهان و ژیان گوزەران لەناسیونالیستەکان و ڕاستەوە وەردەگرن.

چەپ حیزبی سیاسیی نییە. یەك خانەوادەیە کە بەیەکترەوە سەرقاڵن. ئەگەر لەبەرامبەر دڕندەیی ئیسلامیی و ناسیونالیستیدا ئێمە ئامادەنەبین، فاشیزم گەشەدەکات.

باسەکە تەنها هەبوونی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن نییە. ئەمانەش زۆر گرنگن. باسەکە لەبارەی بینینی فۆنکسیۆنەکانی ڕێکخراو وهەڵسووران و بڵاوکراوەی ئێمەوەیە لەداخل وخاریج لەمسەری مەسەلەی دەسڕاگەییشتن بەخەڵکی. ئینجا سەرباری ئەوەش باس لەسەر کاریگەری دانانە بەسەر ووتاربێژان، بینەران وگوێگرانی ڕادیۆ وتەلەفزیۆنەکان وهەروەها کەسانێکیشەوە کەدەبێ بابەتی کاری ئێمە بن. ئەگەر ئێمە ڕادیۆیەکمان هەبێ

کەژمارەیەکی دیاریکراو لەخۆمان گوێی لێبگرن، یابۆ بەرفراوانکردنی"گوێگرەکانی" هەڵوێستی خۆی کاڵ کردبێتەوە تاڕادیکاڵ وچەپ وکۆمۆنیستی نەبێ، هونەرێکمان نەکردووە. ڕەوتی کۆمۆنیستی لەناو جەنگی دەسەڵاتدا غاییە. ئێمە دەتوانین ئەم ئامادەییە داپین بکەین. بەمەی کە لەناو دڵی یەك جیابوونەوەو یەك زەربەی گەورە کەچەپی فیرقەیی و سەرلێشێواو بەسەر ئێمەیدا سەپاند هاتووینە دەرەوە.

*دەسڕاگەییشتن وتەبلیغات:*

پەیوەندی تەبلیغات لەگەڵ دەسڕاگەییشتندا سەرڕاستترە. ئێمە دەبێ بڵاوکراوەی پڕتیراژمان هەبێت، دەبێ رادیۆو تەلەفزیۆنی پڕبینەر وپڕگوێگرمان هەبێ. ڕاگەیاندن و بەیاننامەکانی ئێمە دەبێ زۆر سەرنجڕاکێش بن، بۆ "عاقڵەکان" و پێکهاتەی چەپ نەنووسرێن. بچینە ناو جەنگی قەڵەمەوە سەبارەت بەکاریگەری دانان بەسەر بیروڕای خەڵکیەوە، نەك سەبارەت بەدەعوای دەروون فیرقەیی چەپەوە. دەبێ لەهەر ناوچەیەکدا ڕادیۆ وتەلەفزیۆن وبڵاوکراوەمان هەبێت. دەبێ بتوانین (کمونیست) بەدەستی سەدانهەزار کەس بگەیەنین و دڵنیاشبین کەخوێندوویانەتەوەو کاریگەریشیان لێی وەرگرتووە. دەبێ تەلەفزیۆنی ڕۆژانەمان هەبێت ڕوو بەئێران و...

*دەسڕاگەییشتن وتەشکیلات:*

لێرەدا دەمەوێ دەربارەی پەیوەندی تەشکیلات لەگەڵ دەسڕاگەییشتن چەند خاڵێك بڵێم. تەشکیلات بەلێکدانی لەڕادیکالیزم خاڵی بەهێزی ئێمەیە لەبەرامبەر دەزگای عەزیمی مالی وئیمکاناتی تەبلیغیی ڕاستدا. کەدواتر دێمەوە سەری. بەڵام لێرەدا لەگۆشەی دەسڕاگەییشتنەوە پەنجە دەخەمە سەر دوو نموونەی هەڵسووڕانی تەشکیلاتی.

خانەی حیزب: ئەگەر لەسەر ئەم ئەساسەوە لەمن بپرسیت خانەی حیزب چییە؟ وەڵام دەدەمەوە کەخانەی حیزب جێگایەکە ئەساسەن لەمحەلدا ئیمکانییەتی دەسڕاگەییشتنمان بەخەڵکی بۆ فەراهەم دەکات. خانەی حیزب تەنها شوێنی کۆڕی خۆمان و کۆبوونەوەکانی خۆمان نییە. هەڵگری کاروکاردانەوەیەکی سیاسی کۆمەڵایەتیە کە دەسڕاگەییشتن مەرکەزەکەیەتی. هۆیەکە بۆ دەسڕاگەیشتن بەخەڵکی. دواتر دەگەڕێمەوە سەر لایەنی رێکخراو وڕێکخستن. بەڵام بڕیارە خانەی حیزب یەکەم جیگاپێ ویەکەم هەنگاومان بێت بۆ ئەوەی خەڵکی ڕاکێشینە ئەوێ. تەسمیمی جۆراوجۆری دیکەمان هەیە، بەڵام ئەمەیان جێگایەکی تایبەتی هەیە. خانەی حیزب دەبێ یەك شوێن وجێگای سەرنجڕاکیشی کۆمۆنیستەکان بێت. خانەی حیزبێکی لەم چەشنە ئەتوانێ کۆمەکی مالیی کۆکاتەوە، ئەتوانێ ناوەندێك بۆ موبەلیغینی_ڕێکخستنمان پێکبێنێ کەخەڵك لێکهەڵپێکێت، بیانکاتە کۆمۆنیست و یەکگرتوویان بکات. هەرکەس کە بەشوێن جێگایەکدا دەگەڕێ بۆ ئەوەی

خەباتی لەپێناو باشترکردنی ژیان وگوزەرانیدا یەکگرتوو بکات وخیرەیەك پەیدابکات، دەبێ لەخانەی حیزبی ئێمەدا خۆی ببینێتەوە. سبەینێ دەبێ لەئێراندا بکرێ لەسەری هەر کۆڵانێکدا خانەی حیزب دابنرێت.

سوننەتی چەپی فیرقەیی و حاشییەیی ڕێگری ئەوە بوو وە بووە کەچ لەناو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریو چ ئەمڕۆ مانای واقعی خانەی حیزب درك بکریو عەمەلی بکرێتە. لەگەڵ مەنسور حکمەتدا لەناو حککا دا تەنانەت لە لەندەن بۆ کۆمیتە تەشکیلاتیەکان کۆرسی فێرکاریمان دانا. بەڵام کە کرایە عەمەل، نەکرا. سوننەت لەوە قووڵتر بوو کە بتوانرێ بەم ئاسانییە سەرکەویت بەسەریدا. ڕووداوەکانی ئەمڕۆی ناو حککا نیشانی ئەدات کە ئەم سوننەتە چەندە قووڵ وڕیشەدار بوو. پرسیار ئەمەیە کە ئایا ئێمە ئەتوانین ئەم سوننەتە بەجێ بهێڵین؟ ئایا ئەتوانین لەپێکهاتەو سەکۆی گشتی کۆمۆنیزمی کرێکاریو چەپی فیرقەیی هەڵکەنرێین و یەك سوننەتی نوێی هەلسووڕان لەناو چەپدا، بناغەی سوننەتی حکمەتیستی دابڕێژین؟

<u>*کۆمیتەی مافە مەدەنییەکان:*</u> ئەگەر لەمبارەشەوە لەمن بپرسیت کۆمیتەی مافە مەدەنیەکان چ کارێك دەکات، دەڵێم بەرلە هەر شتێك توانایی دەسڕاگەییشتن بەخەڵکی وولاتانی ئەوروپاییمان دەداتێ لەئەبعادی بەرفراواندا. ئەگەر ئەم تواناییەت هەبێت دەشتوانیت بەشێوەی سیستماتیك کۆمەکیان لێوەرگریت. مێزی کۆمیتەی مافە مەدەنییەکان یامێزی زانیاری بەخشینی حیزب هەردووکیان، سەرەڕای جیاوازییەکانیان، ئیمکانی دەست گەییشتنمان بەخەڵکی بۆ ئامادە دەکات. درووست بەهۆی سەرسەختی سونەتی چەپی حاشیەییەوە بوو لەناو حککا دا کەپرۆژەی کۆمیتەی مافە مەدەنییەکان بەشوێنێك نەگەیشت. کۆمیتەی مافە مەدەنییەکان لەلەندەن لەماوەی نزیك بەساڵێکدا، بەپشتبەستن بەهێزی چەند کەسێك، سەرەداوی پەیوەندی کردن لەگەڵ 7 تا8 هەزار کەسی بەدەست هێنا. کەسانێك کە بەپێی خۆیان دەهاتنە لای مێزەکەی ئێمە، کۆمەکی مالییان دەکردو وخوازیاری ئەوەش بوون کە پەیوەندیان پێوە بکەین. بەڵام ئێمە بەشوێن کەسدا نەڕۆشتین. بەهامان بۆ ئەو کەسە دانەنا ودایناێین کەبەم کارە هەڵدەستا، بۆ هەستان بەم کارە کەسانی خۆبەخش نین. چونکە ئەمە "رازیمان" ناکات. لەناو ئەو حیزبەدا نووسینی ووتارێك، کە تەنانەت خانەوادەی چەپیش هەموویان نەیان دەخوێندەوە، بەئیعتیبارترو گرنگتر بوو لەدابینکردنی دەستراگەییشتن لەم ئەبعادەدا. بەداخەوە هێشتا هەر بەوجۆرە بۆمان ماوەتەوە. کەسێك کەمێزی کۆمیتەی مافە مەدەنییەکانی دادەنا و1000کەسی عەلاقەمەندی پەیداکردبوو لەوانە بوو لەهەڵبژاردندا لەبەرامبەر هەریەکێك لەئێمەدا کەلە ئاکسیۆنێکی بێکاریگەردا ڕەسممان گرتبوو دەنگی نەهێنایە. مەسەلە کەمکردنەوەی ئەهمییەتی بەشداری کردن نییە لەئاکسیۆنەکاندا. بەبێ ئاکسیۆن حیزبێکی سیاسی بوونی نییە. باسەکە دەربارەی ئیعتیبار وڕێزدانەنانە بۆ جۆرێك لەهەڵسووڕان لەناو تەشکیلاتێکدا. ئەمە سیستەمێکی بایەخ و بەهایە کە بۆ کارێك خۆبەخش دابین دەکات یان نایکات

**درێژەی هەیە**